وه بەڵگە لەسەر حەڕامیەتی خۆكوشتن ئەم فەرموودەیەیە ، قال رسول الله ﷺ : (وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَرَدَّى فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا ومن تحسى سما فقتل نفسه فسمه في يده يتحساه في نار جهنم خالدا مخلدا فيها أبدا ومن قتل نفسه بحديدة فحديدته في يده يتوجأ بها في بطنه في نار جهنم خالدا مخلدا فيها أبدا)[٨] .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر كەسێك خۆی لەسەر چیایەك فڕێ بداتە خوارەوە خۆی بكوژێت ئەم كەسە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ و ئەم جۆرە خۆ كوشتنەی هەردەم بۆ ماوەیەكی درێژ دووبارە دەكاتەوە ، وە هەر كەسێك ژەهر بخواتەوە خۆی بكوژێت ئەم كەسە لەناو دۆزەخ دا ژەهرەكەی لە دەست دایەو هەردەم دەیخواتەوە ، وە هەر كەسێك خۆی بكوژێت بە ئاسنێك ئەم كەسە لەناو دۆزەخ دا ئامێرە ئاسنەكەی لەناو دەست دایە و هەردەم لە زگی خۆی دەدات .

وە هەروەها زۆر تاوانی تر هەیە كە باسیان بكەین بە بەڵگەوە ، بەڵام لەبەر درێژبوونەوەی بابەتەكە ناتوانین گشتیان باس بكەین بە بەڵگەوە ، وەكو : دەنگ ناسك كردنی بەرامبەر بە پیاوی نامەحرەم ، وە دڵداری كردن و هاوڕێیەتی لەگەڵ پیاوان ، وە گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی ، وە چونە لای جادو گەر و سحر باز ، كە تاوانێكی زۆر گەورەیە ، وە چونە سەر گۆڕی پیاوچاكان و داواكردن لێیان كە ئەمەش شركی گەورەیە ، وە بۆن لە خۆدان بۆ ناو پیاوی نامەحرام ، وە نینۆك درێژكردن ، وە سەیركردنی مسەلسەلاتەكانی تەلەفزیۆن ، وە زۆر شتی تر كە خودای پەروەردگار پێی ڕازی نیە ، لە كۆتاییدا داواكارم لە خودای پەروەردگار یارمەتیمان بدات بۆ ئەنجام دانی گشت ووتە و كردەوەیەكی چاك ، وە یارمەتیمان بدات بۆ واز هێنان لە گشت ووتە و كردەوەیەكی خراپ ئامین .

تێبینی (١) : جائیز نیە بۆ هیچ كەسێك ئەم نامیلكەیە لە دوای خوێندنەوەی فڕەی بدات ،یان بی دڕێنێت ، یان لە شوێنێكی خراپ دای بنێت ، چونكە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی تیایە .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

١/ذوالحجة ١٤٣٣ هـ

١٧- ١٠- ٢٠١٢ م

سۆران

[٨] متفق عليه .





# ئەو تاوانانەی ئافرەتی موسڵمان تێی كەوتووە

١ دەرخستنی پرچی
٢ جل تەسكی
٣ بڕۆكردن
٤ غەیبەت كردن
٥ نەزەر كردن
٦ تەوقە كردن
٧ تێكەڵی پیاوان كردن
٨ سەفەركردن بەبێ مەحرەم
٩ سەرپێچی و ئازاردانی مێردی
١٠ شیوەن و خۆكوشتن

وە كۆمەڵێك تاوانی تر ...

نووسینی: م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵی

لەبڵاو كراوەكانی ئەم سایتانە
www.regayislam.com
www.fermude.com
سۆران /پەرتوكخانەی دێرین
چاپی دووەم
دێرین
0750 7813181

حديد خير له من أن يمس امرأة لا تحل له][٣] واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : پیاوێ: لە ئێوە بە دەرزی ئاسن لەسەری بدرێت باشترە لەوەی دەست بدات لە ئافرەتێك كە بۆی حەلاڵ نەبێت ،

كەواتە هەر كاتێك ئافرەت تەوقە لەگەڵ پیاو بكات ئەویش لەگەڵ پیاوەكە دەبێتە شەریك لە تاوانەكە دا ،چونكە ئەگەر ئافرەت تەوقە لەگەڵ پیاو نەكات ، پیاویش ناتوانێت تەوقەی لەگەڵ بكات .

## ٧. تێكەڵی پیاوان كردن :

تاوانێكی تر كە ئافرەتی موسوڵمان تێی كەوتوە ، تێكەڵ بونیەتی لەگەڵ ئەو پیاوانەی نەزەركردنی لێیان حەرامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، (عَنْ أَبِي أُسَيْدٍ الأَنْصَارِيِّ ، عَنْ أَبِيهِ ؛ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ، وَهُوَ خَارِجٌ مِنَ الْمَسْجِدِ ، فَاخْتَلَطَ الرِّجَالُ مَعَ النِّسَاءِ فِي الطَّرِيقِ ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لِلنِّسَاءِ : اسْتَأْخِرْنَ ، فَإِنَّهُ لَيْسَ لَكُنَّ أَنْ تَحْقُقْنَ الطَّرِيقَ ، عَلَيْكُنَّ بِحَافَّاتِ الطَّرِيقِ ، فَكَانَتِ الْمَرْأَةُ تَلْتَصِقُ بِالْجِدَارِ ، حَتَّى إِنَّ ثَوْبَهَا لَيَتَعَلَّقُ بِالْجِدَارِ مِنْ لُصُوقِهَا بِهِ)[٤] .

واتە : باوكی (أسید) دەڵێت ، باوكم ئەم فەرموودەیەی لە پێغەمبەری خودا ﷺ بیستووە كاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ لە دەرەوەی مزگەوت بوو ، بینی پیاوان و ئافرەتان لە ناوەڕاستی ڕێگادا تێكەڵی یەكتر ببون ، ئینجا بە ئافرەتەكانی فەرموو لە ناوەڕاستی ڕێگا دوا بكەون و دوور بكەونەوە لە پیاوەكان ، چونكە بۆ ئێوە نابێت لەگەڵ پیاوان لە ناوەڕاستی ڕێگا بڕۆن ، بەڵكو دەبێت بە تەنیشت و لایەكی ڕێگاكە دا بڕۆن ، كاتێك ئافرەتەكان ئەم ئەمرەیان بیست لە پێغەمبەری خودا ﷺ یەكسەر گوێ ڕایەڵی بوون و بە دوور كەوتنەوە لە پیاوان ، ئەوەندە لە دیواری ڕێگاكە نزیك بوونەوە ئەو جلەی لەبەریان بوو دەنوسا بە دیوارەكەوە .

## ٨. سەفەركردن بە تەنها و بەبێ مەحرەم :

تاوانێكی تر كە ئافرەتی موسوڵمان تێی كەوتووە ، سەفەر كردنیەتی بە تەنها و ، بەبێ ئەوەی كەسێكی نەزەر حەلاڵی لەگەڵ بچێت : بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە [لَا يحل لامْرَأَة تؤمن بِاللَّه وَالْيَوْم الآخر أَن تُسَافِر سفرا يكون ثَلَاثَة أَيَّام فَصَاعِدا إِلَّا وَمَعَهَا أَبوهَا أَو ابْنهَا أَو زَوجهَا أَو أَخُوهَا أَو ذُو

[٣] حديث صحيح .

[٤] حسنه الالباني في السلسلة الصحيحة ج٢ ، ص/٥١١ .



## ئەو تاوانانەی ئافرەتی موسوڵمان تێی كەوتووە

### ١. دەرخستنی پرچی سەری بە گشتی یان هەندێكی:

یەكێك لەو تاوانانەی كە ئافرەتی موسوڵمان تێی كەوتووە ، دەرخستنی پرچیەتی بەرامبەر بە پیاوی بێگانە ، دەرخستنی پرچ بۆ ئافرەتان تاوانە چونكە خودای پەروەردگار ئەمری بە ئافرەتان كردووە ، پرچیان داپۆشن نەك دەری بخەن ، بۆیە هەر ئافرەتێك پرچی خۆی دانە پۆشێت بە گشتی سەرپێچی فەرمانی خودای پەروەردگاری كردووەو تاوان بارە بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە، خوی گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴾ النور: ٣١ واتە : با ئافرەتان سەروو سینگی خۆیان داپۆشن ، لەم ئایەتە پیرۆزە دا خودای پەروەردگار ئەمری كردووە بە ئافرەتان كە سەریان بە تەواوی داپۆشن ، وە سینگیشیان بە جوانی داپۆشن ، وە ئەمریش لە شەریعەتی ئیسلامدا بۆ واجبیەتیە ئەگەر بێت و هیچ بەڵگەیەكی تر لە واجبیەتی لای نەدات ، بۆیە گشت زانایانی ئیسلام یەك دەنگن لەسەر واجیەتی داپۆشینی پرچی ئافرەت بە بەڵگەی ئەم ئایەتەی باسمان كرد ، وە دەبێت ئافرەت كاتێك سەری دادەپۆشێت گشت پرچەكەی داپۆشێت ، نابێت هیچی بە دەرەوە بێت.

### ٢. لەبەركردنی جلی تەسك و تەنك و ڕووت :

تاوانێكی تر كە ئافرەتی موسوڵمان تێی كەوتوە ، بریتیە لە لەبەركردنی پۆشاكێك كە ئەندامەكانی لاشەی دەربخات ، وەكو پۆشاكی كورت ، یان پۆشاكی تەسك ، یان پۆشاكی تەنك ، بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، قال رسول الله: ﷺ [صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا : قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلاَتٌ مَائِلاَتٌ رُؤُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ ، لاَ يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلاَ يَجِدْنَ رِيحَهَا ، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا][١] واتە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوو جۆر هەیە لە خەڵكی ئەهلی ئاگرن من نەم بینیون :

جۆری یەكەمیان : چەند كەسانێكن قامچیان بە دەستەوەیە ، ئەم قامچیانە وەكو كلكی مانگا وایە بەبێ حەق پێی لە خەڵكی دەدەن ، جۆری دووەمیان : ئەو ئافرەتانەن كە جلیان لەبەرە بەڵام ڕووتن ، بەهۆی كورتی پۆشاكیان ، یان تەسكی پۆشاكیان ، یان تەنكی پۆشاكیان ، وە هەروەها ئەم جۆرە ئافرەتانە كە دەڕۆن بە ڕێگا دا خۆیان با دەدەن و شانیان دەجوڵێنن ، بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوان بۆ

[١] مسلم (٢١٢٨).

## پێشەکی

الحمدلله رب العالمين ، والصلاة والسلام على نبينا محمد ﷺ و آله وصحبه وسلم

فقد قال الله تعالى في كتابه العزيز : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ الذاريات: ٥٦

وقال : ﴿ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ ﴾ النساء: ٥٩

وقال : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٢

لە دوای سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانە ، وە درودوو سەلام لەسەر پێغەمبەری خۆشەویستمان ( محمد ) ﷺ ، بە پێویستم زانی بابەتێك بنوسم کە پەیوەندی هەبێت بە ئافرەتی موسوڵمان ، وە ئەم بابەتەش تەنها باس لەو تاوانانە بکات کە ئافرەتی موسوڵمان تێی کەوتووە ، جا هیوادارم ببێت بە ئامۆژگاریەك بۆ گشت ئافرەتێکی موسوڵمان .

داواکارم لە خودای پەروەردگار هیدایەتی گشت ئافرەتێك بدات ، بۆ ئەو شتانەی کە پێی ڕازییە ، وە دوور یان بخاتەوە لە گشت ئەو شتانەی کە پێی ناخۆشە ، بەلاَم پێویستە بزانین خودای پەروەردگار هیدایەتی ئەو کەسە دەدات کە بە دوای ڕێگای هیدایەت دەگەڕێت ، کە ئەم ڕێگایەش بریتیە لە گوێڕایەڵی خودای پەروەردگار لە گشت ئەو شتانەی ئەمری پێکردووین ، وە دوور بکەوینەوە لە گشت ئەو شتانەی کە نەهی لیَ کردووین ، جا هەر کاتێك مرۆڤ چ پیاو بێت یان ئافرەت گوێڕایەڵی خودای پەروەردگاری کرد لە فرمانەکانی ، وە دوور کەوتەوە لە قەدەغەکراوەکانی ، خودای پەروەردگار هیدایەتی دەدات و سەرفرازی دونیاو دوا ڕۆژی پیَ دەبەخشێت ، داواکارم لە خودای پەروەردگار سەرفرازی دونیا و قیامە تمان پیَ ببەخشێت .



محرم مِنْهَا] (٥) ، واتە : ابو سعيد الخدری ( ڕەزای خودای پەروەردگاری لێبێت ) ووتی : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەلاَڵ نیە بۆ ئافرەتێك باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەبێت سەفەر بکات بۆ ماوی سیَ ڕۆژ یان زیاتر بەبیَ مەحرەم ، بەڵکو واجبە ئەم ئافرەتە باوکی لەگەڵ بێت ، یان برای ، یان کوڕی ، یان مێردی ، یان مامی ، یان برای شیری ، وە گشت ئەو کەسانەی کە نەزەری لیَ حەلاَڵن ، ئەمانە گشتیان پێیان دەوترێت ( محرم ) .

### ٩. سەرپێچی و ئازاردانی مێردی :

تاوانێکی تر کە ئافرەتی موسوڵمان تێی کەوتووە ، سەرپێچی کردن و گوێڕایەڵی نەکردنی مێردیەتی لە کاری چاك دا ، بەلاَم لەکاری خراپ دا گوێڕایەڵی ناکرێت ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، (قال رسول الله ﷺ لاَ تُؤْذِي امْرَأَةٌ زَوْجَهَا فِي الدُّنْيَا ، إِلاَّ قَالَتْ زَوْجَتُهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ : لاَ تُؤْذِيهِ ، قَاتَلَكِ اللَّهُ ، فَإِنَّمَا هُوَ عِنْدَكِ دَخِيلٌ ، يُوشِكُ أَنْ يُفَارِقَكِ إِلَيْنَا) (٦) .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هیچ ئافرەتێك نیە لە دونیا دا ئازاری مێردەکەی بدات ، ئیلا خێزانی ئەم پیاوە لە حۆریەکانی بەهەشت بەم ئافرەتە دەڵێت ئازاری ئەم پیاوە مەدە خودا بتکوژێت ، واتە بە دوورت خات لە ڕەحمەت و بەهەشتی خۆی ، ئەم پیاوە لە لای تۆ تەنها میوانێکە و نزیکە لە تۆ جیا ببێتەوەو بگات بە لای ئێمە .

### ١٠. شیوەن و خۆ کوشتن :

تاوانێکی تر کە ئافرەتی موسوڵمان تێی کەوتووە ، شیوەن و خۆ کوشتنە ، بەڵگە لەسەر تاوانی شیوەن گێڕان و لە خۆدان ئەم فەرموودەیەیە ، (قال رسول الله ﷺ لعن الله الخامشة وجهها و الشاقة جيبها و الداعية بالويل و الثبور) (٧)

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : دوور بێت لە ڕەحمەتی خودای پەروەردگار ئەو ئافرەتەی لەکاتی بەلاَ و ناخۆشیدا دەم و چاوی دادەڕنێت وە یەخەی دەدڕێت وە شیوەن و وەیل و ڕۆ ڕۆ دەکات .

---

(٥) رواه البخاری ( ٣/ ٢٧٤ ).

(٦) صححه الالباني في السلسلة الصحيحة ج/١ ص/٣٣٤.

(٧) صححه الالباني .



لای خۆیان ڕا بکێشن ، وە هەروەها پرچیان لەسەر سەریان کۆ دەکەنەوە و بەرزی دەکەنەوە، وەکو پشتی ووشتر وایە لە بەرزی و لاریدا ، ئەم جۆرە ئافرەتانە ناچنە بەهەشت ، وە بۆنی خۆشی بەهەشتیش ناکەن ، کە بۆنی بەهەشت بە ئەندازەی ڕێگایەکی زۆر دوور دەڕوات .

### ٣. برۆکردن ، وە خاڵ کوتان ، وە بۆشایی خستنە نێو ددان :

تاوانێکی تر کە ئافرەتی موسوڵمان تێی کەوتووە ، برۆکردن و خاڵ کوتان و بۆشایی خستنە نێو ددانەکانە ، بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، [عَنْ عَبْدِاللهِ بن مسعود رضي الله عنه ، قَالَ: لَعَنَ اللَّهُ الْوَاشِمَاتِ ، وَالْمُسْتَوْشِمَاتِ ، وَالنَّامِصَاتِ ، وَالْمُتَنَمِّصَاتِ ، وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ ، الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللهِ وَمَالِيَ لاَ أَلْعَنُ مَنْ لَعَنَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ] (٢) .

واتە : عبداللە ی کوڕی مسعود ڕەزای خودای پەروەردگاری لێبێت ، ووتی : لەعنەتی خودای پەروەردگار لەو ئافرەتانەی کە خاڵ بۆ ئافرەتان دەکوتن ، وە لەعنەتی خودا لەو ئافرەتانەش کە داوا لە غەیری خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی خاڵیان بۆ بکوتن ، وە لەعنەتی خودای پەروەردگار لەو ئافرەتانەی کە داوا لە غەیری خۆیان دەکەن برۆیان بۆ بکەن و باریکی بکەن ، وە لەعنەتی خودا لەو ئافرەتەی کە داوا لە غەیری خۆی دەکات بۆشایی بۆ بخاتە نێو ددانەکانی بۆی باریك و بچوك بکات بۆ جوانی ، ئەم شتانە دەستکاری کردنی دروست کاری خودای پەروەردگارن ، ئینجا عبداللە ی کوری مسعود ووتی : چۆن لەعنەت لەم ئافرەتانە نەکەم کە پێغەمبەری خودا ﷺ لەعنەتی لێکردون .

تێبینی : ئەم جۆرە تاوانانە بۆ پیاویش حەرامە ئەنجامیان بدات ، بەلاَم لەسەردەمی پێغەمبەری خودا ﷺ زیاتر ئافرەت ئەم شتانەی دەکرد ، بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ باسی ئافرەتانی کردووە ، بەلاَم ئەو سەردەمەی کە ئێمە تێداین پیاوانیش زۆربەیان ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن بۆیە ئەوانیش دەگرێتەوە ،چونکە دەستکاری دروستکراوی خودای پەروەردگار دەکەن و خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان.

### ٤. غەیبەت کردن :

تاوانێکی تر کە ئافرەتی موسوڵمان تێی کەوتووە ، غەیبەت کردنە ، ئەم تاوانە حەرامە لەسەر گشت موسوڵمانێکی نێر و میَ ، بەلاَم ئەوەی دەبینرێت و بەرچاوە زیاتر ئافرەتان بەم کارەوە خەریکن

---

(٢) البخاري ( ٥٩٣١ ) ، مسلم ( ٢١٢٥ ).



، بەڵگەش لەسەر حەڕامیەتی غەیبەت کردن ئەم ئایەتە پیرۆزەیە ، قال تعالى : ﴿ وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا ۚ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ﴾ (الحجرات:١٢) .

واتە : خودای پەروەردگار دەفەرموێت موسوڵمانەکان هەندێکتان غەیبەتی هەندێکتان مەکەن ، ئایە یەکێك لە ئێوە پێی خۆشە گۆشتی براکەی بخوات بە مردوویەتی ، جا کەواتە ئەگەر پێتان ناخۆشە گۆشتی براکەتان بخۆن بە مردوویەتی ، پێشتان ناخۆش بێت غەیبەت کردنی کاتێك ئەو زیندووە .

### ٥. نەزەرکردن لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە حرامە سەیریان بکات :

تاوانێکی تر کە ئافرەتی موسوڵمان تێی کەوتووە ، نەزەرکردنیەتی لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە نەزەری لیَ حەرامن ، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ، قال تعالى : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ ﴾ النور: ٣١ واتە : ئەی ( محمد ) ﷺ بە ئافرەتە ئیمانداراەکان بڵیَ با چاوەکانی خۆیان دابگرن لە بینینی پیاوی نەزەر حرام .

تێبینی : ئەو پیاوانەی کە نەزەریان حەرامە بۆ ئافرەتان ، زانایان دەڵێن : هەر پیاویَ: جائیز بێت بۆ ئافرەت مێردی پیَ بکات ، ئەوە نەزەری ئەم پیاوە بۆ ئەم ئافرەتە حرامە پێش ئەوەی مێردی پیَ بکات ، بۆ نمونە : کوڕە مام یان کوڕە خاڵ یان کوڕە پور ، ئەمانە نەزەریان حەڕامە ، چونکە ئافرەتەکە دەتوانێت مێردیان پیَ بکات ، وە هەروەها برای مێردی ژنەکە ، کە پێی دەڵێن شو برا ، ئەمەش نەزەری حەڕامە چونکە لە دوای نەمانی مێردەکەی دەتوانێت مێرد بە برای مێردەکەی بکات ، وە هەروەها مێردی خوشکی ، چونکە هەر کاتێك ئەو پیاوە بمرێت جائیزە بۆ ئافرەت مێرد بەو پیاوە بکات کە مێردی خوشکی بوو ، کەواتە بۆمان دەرکەوت هەر پیاوێك جائیز بێت بۆ ئافرەت مێردی پیَ بکات نەزەرکردنی لیَ حەڕامە ، بەلاَم هەر پیاوێك حەڕام بێت بۆ ئافرەت مێردی پیَ بکات نەزەرکردنی بۆ حەلاَڵە ، وەکو باوك و براو مام و خاڵ و برازا و خوشك زاو برای شیری ... هتد .

### ٦.تەوقەکردن :

تاوانێکی تر کە ئافرەتی موسوڵمان تێی کەوتووە ، تەوقەکردنە لەگەڵ ئەو پیاوەی کە نەزەری لیَ حەڕامە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، قال رسول الله: ﷺ [لأن يطعن في رأس أحدكم بمخيط من